# کۆنفەرانسی ڕێکخراوی کۆمەڵە لەوڵاتی نۆرویژ
# سەرکەوتوانە کۆتایی پێهات!

تەشکیلاتی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژ کۆنفەرانسی ساڵانەی خۆی بەشێوەیەکی سەرکەوتوانە کۆتایی پێ هێنا، ڕۆژانی شەممەو یەکشەممە ڕێکەوتی ٢٢ و ٢٣ی مانگی ٣ی ٢٠٠٨ی زایینی لەشاری ئۆسلۆی پێتەختی وڵاتی نۆرویژ بۆ ماوەی ٢ ڕۆژ کۆنفەرانسی سالانەی تەشکیلاتی نۆرویژ بەڕێوەچوو، کۆنفەرانسکە بۆماوەی ٢ ڕۆژ کاری چڕو پڕ بەبەشداری هاوڕێیانی ئەندام درێژەی بە کاری خۆیدا بەم جۆرە بەرنامەکانی دەستی پێکرد.

سەرەتا کۆنفەرانس بەراگرتنی دەقەیەک بێدەنگی بۆ ڕێزلێنان لە یادی هاورێیانی گیانبەخت کردوی کۆمەڵە وسەرجەم گیان بەخت کردوانی ڕێگای ئازادی و سۆسیالیزم وبزووتنەوەی شۆڕشگێرانەی کوردستان دەستی بە کارەکانی کرد، پاشان لە لایەن بەرپرسی کۆمیتەی پێشوی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆرویژەوە دەقی دەستووری جەلەسەی کۆنفەرانس خوێندرایەوە، دواتر لە لایەن کۆنفەرانسەوە هاوڕێیان باقرشکووهیو لوقمان فارووقی وەک هەیئەت رەئیسەی کۆنفەرانس دیاری کران، بە دوای ئەودا هاوڕی جەعفەری ئیلخانیزادە ئەندامی کۆمیتەی ناوەندی وبەرپرسی کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە دەرەوەی وڵات کە بەشداری کۆنفەرانسەکە بوو قسەو باسێکی لە سەر باروودۆخی ئێستەو هەروەها دۆخی کۆمەڵە پێشکەش بە کۆنفەرانس کرد، بە دوای قسەکانی هاوڕێ جەعفەر، کۆمیتەی پێشوو راپۆرتی کارو چالاکییەکانی خۆیانیان لە بوارە جۆراو جۆرەکانی هەڵسووڕانیاندا پێشکەش بە هاوڕێیانی بەشدار بوو کرد.

پاش ڕاپۆرتیکۆمیتەیپێشوو نۆبەت بە هەموو هاوڕێیانی بەشدارلە کۆنفەرانس دراکە لە سەر کار وچالاکییەکانی رابردوو رەخنەو تێبینیەکانی خۆیان پێشکەش بکەن وهەر وەها پێشنیار وبەرنامەو گەڵڵەکانیان بۆ کاری داهاتوو بخەنە بەر باس ولێکۆڵینەوەی کۆنفەرانس.

کۆنفەرانس لەسەرئەهمەیتی حزبیەت وپرەنسیب وديسيپلينی تەشکيلاتی وبايەخ دان بە سونەتە شۆڕشگێرانەکانی کۆمەڵە پێداگری کردەوە و جەختی لە سەر هەوڵو تێکۆشانی زیاتر بۆ ناساندنی دۆزی کورد بە رای گشتی وچالاکی زياترلە دەرەوەی وڵات کردەوە.

بە دوای ئەو باسانەدا کۆنفەرانس شێوازی هەڵبژاردنو ژمارەی ئەندامانی بۆ کۆمیتەی داهاتوو پەسەند کرد، کۆنفەرانس ساخ بووەوە کە بۆ دەوری داهاتوو ٥ نەفەر وەک ئەندامی ئەسڵی و ١ نەفەر وەک جێگری کۆمیتە بۆ کاری داهاتوو لە تەشکیلاتی نۆروێژ دیاری بکرێت.

سەر ئەنجام پاش ٢ رۆژ کاری چر وپڕ ولێکۆڵینەوە لە سەر بابەت گەلی جۆراو جۆر وپەسند کردنی هەندێک پێشنیار وباسی تایبەت، بە هەڵبژاردنی ئەندامانی تازەی کۆمیتە سەر لە ئێوارەی رۆژی یەکشەممە رێکەوتی ٢٣ی ٣ی ٢٠٠٨ی زایینی کۆنفەرانس لە کەشوهەوایەکی زۆر دۆستانە و هاوڕێیانە و لە نێو خۆشحاڵی بەشداربوواندا کۆتایی بە کاری خۆی هێنا.

جێی ئاماژەیە کە هاوڕێ کەمالی بلوری لە وڵاتی سوئێدەوە وەک میوان بەشداری کۆنفەرانسەکە بوو.

کۆنفەرانس بۆ یەک ساڵی داهاتوو ئەم هاوڕێیانەی وەک ئەندامانی ئەسڵی وجێگری کۆمیتەی نۆروێژ هەڵبژارد؛

١. باقر شکووهی ئەندامی ئەسڵی
٢. ئیبراهیم کۆنەپۆشی ئەندامی ئەسڵی
٣. هەمزە چابوک ئەندامی ئەسڵی
٤. فەریبا فەرهادی ئەندامی ئەسڵی
٥. کاکۆ عەلیار ئەندامی ئەسڵی
٦. خەبات قورەیشی وەک ئەندامی جێگری کۆمیتە دیاری کرا

**کۆمیتەی ڕێکخراوی کۆمەڵە لە وڵاتی نۆروێژ**

**٢٤ی ٣ی ٢٠٠٨ی زایینی**

www.komala.org
**E-mail:** komala_no@hotmail.com

**Adres:** Komala Postboks 115
linderud 0517 Oslo norway
**Account nr:** postbanken 05355661913
**Tel:** 922 800 25